# شێوازێکی نوێی



شێوازی ئامادەکردنی مۆدەی کراس و بەدلەی بووکەکان رۆژانە لە مۆدە و نەخشی تازە دەست پێدەکات ، شێوازێکی دیکەش لەخۆ دەگرێت بۆ ئەوەی جوانییەکی تەواو ببەخشێت بە جەستەی خانمان کاتێك لە بۆنەکانی نیشان و گواستنەوە دەپۆشرێن، هەر کراسێك یان نەخشێکی ئەو جۆرە بەدلانە دەبێتە هۆکارێك بۆ جوانی خانمان.

ئەو مۆدەیە تازەیە بریتییە لە کراسی بووك، بەڵام جیاواز لە مۆدەی پێشوو، جیاوازییەکەش بریتییە لە تەسکی

# رەنگە تۆخەکان لە ماکیاژی برژانگ و چاوەکانت



مۆدەکانی ماکیاژی خانمان گرنگی و هەنگاوی تایبەتی دەوێت بۆ ئەوەی شێوازێکی جوانی لێوە دەربچێت، ئەو ماکیاژەش پێویستی بە دانانی ئەساسێکی گونجاوە بۆ ئەوەی لەگەڵ شێوازی رووخسار و پێست بگونجێت، ئەو مۆدەیەی ئەمجارەمان شێوەیەکی تازەیە لە مۆدەی ماکیاژ، جیاوازییەکەشی لە دانانی سێبەرێکی ناسك دەبێت لە ژێر چاوەکان.

لەگەڵ دانانی ماکیاژەکە دواتر دەتوانین هێڵێکی ناسك و کراوە لە سەرەوە بە تۆخی بێت و وردە وردە کراوەتر بێت، ئەمەش لە ژێر چاوەکان دادەنرێت و، بەمەش لە دوورەوە دیمەنی سێبەری برژانگ و چاوەکان نیشان دەدات، لەم ماکیاژە زیاتر گرنگی بە رەنگی چاوەکان دەدرێت و بەمەش سەرنجی زیاتری بەرامبەر رادەکێشێت، بەمەش دەبێتە مۆدەیەکی تازە لە ماکیاژ بۆ خانمان.







# دەستشۆرەکان بۆ دیم

یەکێك لەو بەشانەی لە ماڵ هەن وەك لایەنێکی پێویست و گرنگ دەبێ بە جوانی دەربکەوێت، ئەویش بریتییە لە (دەستشۆر و مەغسەلەکان)، ئەمەش وەك هۆکارێك بۆ شووشتنی دەست و کەرەستەکان پێویستی بە جوانییەکی گەورە هەیە، لەگەڵ ئەوەی مۆدەیەکی جوان و لایەنێکی ماڵ وەردەگرێت بۆ رازاوەبوون و کرانەوە.

چەندین شێوەی مەغسەلە هەن،

# بەدللەی بووک



و شێوازی بەدی بۆ ئەو کراسانە، چونکە ئەو مۆدەیە جەستەی بووک دەگرێت و، نەوەك وەکو مۆدەکانی پێشوو فراوان و کراوە بێت، لەگەڵ شتێکی دیکەی جوان لەم مۆدەیە بەدی دەکرێت ئەویش نەبوونی قۆڵەکانییەتی، بەمەش جەستەی خانمانی بووك بە جوانی



# ـەنی جوانی ماڵەکەت

بەڵام هەندێکیان جوانییەکی گەورەیان کاتێك لە بەرچاو یان لە هەر شوێنێکی ماڵ دادەنرێت، ئەوەی گرنگ بێت بۆ شوێنەکانی دەستشۆر، دەبێ پاك و خاوێن بێت، لەگەڵ بە بریقە و ڕەنگدانەوەیەکی جوانی هەبێت، بەمەش دەبێتە ڕێگەیەك بۆ زیاتر ڕازانەوەی ماڵەکان، هەروەها بۆ دروست کردنی دیمەنێکی گەورە و ناسك بۆ دیکۆری ماڵ.

# ڕەنگی سپی
# لە دیکۆری کراوەیی ئەمساڵدا







دیکۆری ماڵ تا ئەوەندە جوانتر و ڕازاوەتر بێت، دەبێتە مانای جوانی و کراوەیی دیکۆرێکی شایستە بۆ گشت خانمێك، بۆیە ئەمەش دەکەوێتە سەر ئەو دیکۆرەی هەڵدەبژێردرێت بۆ ئەوەی دیمەنێکی جوان ببەخشێت، لێرەدا باسی دیکۆری سپی دەکەین، بە جوانترین دیکۆر دادەنرێت بۆ ماڵەکان، چونکە ڕەنگێکی کراوەی هەیە و دیکۆر زیاتر جوانتر دەکات.

کاتێك باسی دیکۆری سپی دەکەین، مەبەست ئەوە نییە گشت شتێك سپی بێت، بەڵکو زۆربەی کەرەستەکانی ماڵ، وەك لە وێنەکاندا دەبینن و دەتوانن سوودیان لێوە وەربگرن بۆ ئەوەی دیکۆرێکی سپی بۆ ماڵەکانتان هەڵبژێرن.





# لە مۆدە سەیرەکانی پێڵاو

کەرەستەکانی دروستکردنی پێڵاو لە چەندین مادده و کەرەستەی دیکە دروست دەکرێت، وەکو دەزانین زیاتر لە ماددەی پێستی گیانداران دەبێت، کەچی ئەو مۆدەیەی دەیبینن بریتییە لە شێوازێکی تازە بۆ دروست کردنی پێڵاوی خانمان و ئافرەتان، ئەمەش یەکەم هەنگاوە سەیرەکانە لە بواری دروست کردنی پێڵاو و سەندڵ.





ئەوەی دەیبینن چەندین جۆرە پێڵاو و سەندڵە بۆ ئافرەتان، لە گژ و گیا دروستکراوە، ئەو گژو گیایەی لە ماددەیەکی توند و رەق پێکدێت، بۆیە لەو جۆرانە دروست دەکەن، تاوەکو بەرگەی نەدڕان ببێتەوە، بۆیە بە سەیرترین مۆدەی پێڵاو دادەنرێت.



# ئەمە سەگە یان مەیموونە!

زۆر گیاندار هەن شێوەیان دەچێتەوە سەر یەکتر، یان بە جۆرێك بەشێك لە جەستەیان لە یەکتر دەچێت، ئەمەش وەك ئەو گیاندارانەی جەستەیان وەکو یەکترە یان نزیکە لە شێوەیان، ئەوەی دەیبینن سەیرترین جۆرە سەگە ، ئەگەر بە جۆرێك بوەستێت کەس نازانێت ئەوە سەگە، بەڵکو وەك گیاندارێکی دیکە دەردەکەوێت.

ئەم سەگە لە ویلایەتی بەنسلڤانیایە لە وڵاتی ئەمەریکا، رووخساری لە مەیموون دەچێت و جەستەی سەگە، کەسیش نازانێت بۆ ئەو سەگە بەم شێوەیە دەرچووە، رەنگە کاری زاوزێ روویدابێت لە نێوان سەگ و مەیموون.

# کەرەستەکانی دروست

زێڕ وەك ئەو ماددە گرانبەهایەی لە گشت جیهاندا جێگەی گرنگی و تایبەمەندی خەڵکە، بەتایبەت لەلایەن ئافرەتان، چونکە زۆربەی ئێکسسوارەکانی جوانکاری لە زێڕ دروست دەکرێت، لەگەڵ ئەوەی بازرگانی بەو ماددەیە دەکرێت، کەچی توانراوە چەندین کەرەستەی دیکەشی لێوە دروست بکرێت، وەك ئەوەی بۆ نمایش یان کارێکی سەیر بۆ نازناو ئامادە کرابێت.







## ئەو کورتە باڵایەی دریژترین ئافرەتی کردە هاوسەری ژیانی

مرۆڤ جیاوازی هەیە لە هەر کەسێك بۆ کەسێکی دیکە، هەر یەکەش شێوە و جەستەیەکی تایبەتی هەیە، رەنگە هەندێکیان لە یەکتر بچن، ئەوەی دەیبینن سەیرترین دوو هاوسەرن لە جیهاندا، بەهۆی ئەوەی جیاوازییەکی گەورە نێوان ژن و مێرد هەیە، (میرشهاب) ئەو پیاوە بچووکەیە لە وڵاتی هیندستان دەژییێت و دریژی باڵای تەنیا (١٢٠) سەنتیمەتر دەبێت. ئەو پیاوە هەڵساوە بە خوازبینی دریژترین ئافرەتی ئەو وڵاتە ئەویش ناوی (ئاشیما)یە و دریژی باڵای دەگاتە زیاتر لە (٢) مەتر، دوای ئەوەی رێکدەکەون بۆ ئەوەی بتوانن گەورەترین نازناو بدەست بهێنن، بۆیە بریاری هاوسەرگیری دەدەن، ئێستاش هاوسەری یەکترن، ئەوەی سەیر بێت دەبێ منداڵەکانی ئەو دوو هاوسەرە چۆن دەربکەون ! لەگەڵ ئەوەشدا رۆژانە ژیانێکی خۆش بەسەر دەبەن، لە هەندێك شوێن ئافرەتەکە پیاوەکە هەڵدەگرێت وەك قەرەباڵغی و شوێنی بەرز!

## کراو لە زێر

ئەوەی دەیبینن چەند کەرەستەیەکە لە زێر دروست کراوە، بەبێ ئەوەی کاری ساختەکاری بۆ بکرێت وەك ئەوەی ئاو زێر کرابێت، ئەو کەرەستانەش بریتییە لە : (تۆپی زێرین – لاپتۆب – ئوتۆمبێل – دەمانچە – شوێنی WC)، تەنیا ئوتۆمبێلەکە نەبێت ئەویش بەشێکی زۆری لە زێر دروست کراوە.







## پورە بیتی ٨٣ ساڵە و وەرزش دەکات



زۆرن ئەوانەی خاوەن جەستەیەکی بەهێزن، بەمەش دەتوانن لە داهاتوو ببن بە یاریزان و یان ببن بە خاوەن بەهرەیەکی سەیر لە ژیانی رۆژانەیان، یان کاتێك مرۆڤ بەرەو تەمەنێکی زۆر دەچێت هێز و توانای جارانی نامینێت بۆ ئەوەی کارێك بکات، کەچی لەلای پورە (بیتی کالمان) ئەوانە دەبێت، چونکە تاکە ئافرەتە خاوەن جەستەیەکی وەرزشی و بەهێز بێت.

تەمەنی پورێ (٨٣) ساڵە و لە وڵاتی ئوستڕالیا دەژییێت، تا ئێستاش رۆژانە کاری وەرزشی خۆی دەکات، زیاتریش خۆی بە یاری (یۆگا) خەریك دەکات، ماوەی (٤٠) ساڵی تەواوە بەردەوامە لەسەر ئەو کارەی، بۆیە بە سەیرترین ئافرەتی بە تەمەنی دادەنرێت خاوەن ئەو جەستە بەهێزە بێت.







# خانوویەک لە فرۆکەدا

دروستکردنی خانوو و باڵەخانەکانی جیهان رۆژانە لە چەندین شێوە و ئەندازەی تازە و سەیر دروست دەکرێت، ئەمەش لە رێگەی ئەو بیرۆکە و هیوایانەی لەلایەن ئەو کەسانە ئامادە دەکرێت، لە وڵاتی بەلجیکا ئەو پیاوەی زۆر حەزی بە فرۆکە و فرۆکەوانی دەکرد، دواتر بیرۆکەی دروستکردنی خانوویێکی بۆ هات لە شێوەی فرۆکە بێت، بۆ ئەوەی وا هەست بکات هەردەم لەناو فرۆکەیە.

ئەوەی دەیبینن خانووە، شوێنی ژیان بەسەر بردنە لە شێوەی فرۆکە، لەسەر شوێنێکی بەرز دانراوە بۆ ئەوەی وەك فرۆکە دەربکەوێت، لەگەڵ ئەوەشدا شێوەی دەرەوە و ناوەوەی فرۆکەکە خانوویەکی تەواوە لە گشت کەرەستەیەك.

# ئەوانە جمکن یان دایک و کچ؟

لە یەکێك لە سەیرترین نەشتەرگەرییەکانی جوانکاری ئافرەتان ئەم حاڵەتەیە، کاتێك ئافرەت و کچەکەی داوا دەکەن شێوەیان وەکو یەکتر بێت، جگە لەوەی شێوەیان لە یەکتر دەچێت، بەڵام هێشتا لە دوای زیاترن. لە وڵاتی کەنەدا دوو خانمی هاوشێوە نزیك دەچن بۆ یەکێك لە بنکەکانی نەشتەرگەری جوانکاری و داوا دەکەن شێوەی هەردووکیان وەکو یەکتر بێت بە هەر چۆنێك بێت.

ئافرەتەکە ناوی (جانێت)ە و کچەکەی (جین)ە، ئەوەی لە وێنەکەدا دەبینن دایك و کچەکەیە لە دوای کاری جوانکاری و نەشتەرگەری، ئەوەی دەستە راستە دایکەکەیە و ئەوەی دیکەش کچەیە، جێگەی سەیرە دایکە (٢٢) ساڵ لە کچەکەی گەورەترە و ئێستاش شێوەیەیان لە یەکتر نزیکە و رەنگە لە شوێنە گشتییەکان ببینرێن و وابزانرێت ئەو دوو کەسە جمکن نەوەك دایك و کچ!






# نەعل لە چووپ و تایەی ئوتۆمبێل

زەمانێك داهات توانرا تایەی ئوتۆمبێل نەوەك تەنیا بۆ ئوتۆمبێل بەکاربهێنرێت، بە جۆرێك دەکرێت مرۆڤیش سوودی لێوە وەربگرێت بۆ ئەوەی بیپۆشێت، لەلایەن پیاوێکی وڵاتی (مالی) بیرۆکەیەکی سەیری بۆ هات کاتێك پارچە تایبەکی ئوتۆمبێلی بەرچاو کەوت لەوەی چۆن بتوانێت بیکات بە (نەعل)ێك بۆ ئەوەی لەپێی بکات.

دوای چەندن هەنگاوێك توانی پارچە تایەیەکە بکات بە نەعلێکی سەیر و جوان و بەهێز، وەك لە هەنگاوەکان دەبینن چۆن سەرەوەی نەعەلەکە لە ماددەیەکی نەرم و خوارەوەشی لە تایەی ئوتۆمبێلە، بەمەش دەبێتە یەکەم نەعل لە چووپ و تایە دروست بکرێت، ئێستا ئەو جۆرە نەعلە بۆتە مۆدەیەك لەو وڵاتە!





# گەورەترین بەردە گورچیلە

سەیرترین و گەورەترین حاڵەتی نەخۆشی پشکنێرا، بە جۆرێك دەبێتە جێگەی سەرسوڕمانی گشت کەسێك ئەوەی هەواڵەکە بزانێت، لە وڵاتی هەنگاریا یان چاکترە بڵێین لە مێژووی جیهان حاڵەتی لەمجۆرە روویینەداوە، حاڵەتەکەش بریتییە لە دەرهێنانی گەورەترین بەردی گورچیلە لە جەستەی پیاوێك.

ساندۆر ساکاردی ئەو پیاوەیە شەو و ڕۆژ بۆ ماوەی مانگێك ژانێکی توند دەیگرت، دوای ئەوەی لە نەخۆشخانە دەپشکێنرێت، شتێکی گەورە دەبینن لە جەستەی ئەو پیاوە، وەك ئەوەی هێلکە قازێك بێت.

دوای بڕیاری نەشتەرگەی دەتوانن بەردێکی نەرم نەوەك وەك هەر بەردێکی ئاسایی، تەنیا کۆبوونەوەی شتی هاوشێوەی بەرد لە جەستەی ئەو پیاوە، تا گەورەیی بەردەکە گەیشتبووە نزیکەی (١٧) سەنتیمەتر،

# پەتاتەیەک لە شێوەی دەستی مرۆڤ

دەرکەوتنی بەرهەمەکانی رووەك ومیوە و سەوزە، بە جۆرێك هەندێك جار دەبێتە جێگەی سەسوڕمانی گشت کەسێك لەوەی ئەو شێوانە چۆن بەمجۆرە دەردەکەون، رەنگە لە هەندێك حاڵەت دەستی مرۆڤی تیایدا بێت، بەڵام لەم حاڵەتە کاری دەستکاری مرۆڤی بۆ نەکراوە و بەرهەمێکی پەتاتە لە شێوەیەکی سەیر دەرکەوتووە.



ئەوەی دەیبینن پەتاتەیەکە لە شێوەی دەستێك دەرچووە، ئەمەش لە وڵاتی سەنگافوورە دەرکەوتووە، شێوەی پەتاتەکە وەك دەستێکی مشت وایە، لەگەڵ ئەوەی پەنجەکانیش بە جوانی دەردەکەوێت. تەنیا ئەوە نەبێت جیاوازی لەگەڵ دەستی مرۆڤ هەیە، ئەویش پەنجەکانی ئەو پەتاتەیە (٦) پەنجەیە نەك (٥) !



# مریشکێکی چوار قاچ

ئەوەی بەختی هەبێت وەك ئەو پیاوە دەبێت کاتێك دەچێتە بازاڕ و مریشکێکی ئامادەکراو دەکڕێت، مریشکەکە وەك هەر مریشکێکی ئاسایی نابێت، جیاوازییەکەشی لەوەیە سوودێکی گەورەی هەیە بۆ ئەو کەسەی دەیخوات، وەکو دەزانین مریشك دوو قاچی هەیە، بەمەش دەبێتە دوو ڕان لە کاتی خواردن.

ئەو مریشکەی لە وڵاتی فەلەستین و لە شاری (کفرکەمەندا) لەلایەن پیاوێك بە ناوی (محەمەد زەعروورە) کڕاوە، مریشکەکە (٤) قاچی هەیە، بەمەش دەبێتە مریشکێکی سەیر، لەوەی چۆن پێشوو نەزانراوە یان زانراوە چۆن باسی نەکراوە، وەك لە وێنەکاندا دەبینن دوو قاچی زیادەی لە ژێرەوەی پشتەوە هەیە، ئەوەی زیاتر سەیرە ئەو مریشکە چۆن ژیاوە و گەورە بووە بەم (٤) قاچە!



## سووپی جاڵجاڵۆکە و دووپشک

چەندین خواردن هەن بۆ گشـــت مرۆڤێك بۆ ئـــەوەی بیخوات، کەچی هەر خواردنێـــك جیاوازی هەیـــە لەگەڵ خواردنی دیکە، لـــە وڵاتی کەمبۆدیا سەیرترین جۆرە خواردنی ئامادەکراو هەیە، ئەویش سوورکردنەوەی جالجالۆکە و دوو پشکە بۆ ئەوانەی لە چاوەڕوانی پاس و ئوتۆمبێلدا دەبن.

وەك لە وێنەکەدا دەبینن و ئەمەش لە شـــاری (کامبۆنگ تشـــام)ە ، ئەو خواردنەش بە خواردنی سووك دادەنرێت، وەك ئەو سووپییەی لای خۆمان.

## وێنەی فێڵکاری چاو

ئەمە وێنەیەکی فێلکاری چاوە، ئەگەر بەم شێوەیە سەیری بکەیت، وێنـــەی پیاوێکی هیندســـتانی دەردەچێت، ئەگـــەر گۆڤارەکەی سەرواژێر بکەیت، وێنەی منداڵێك یان کوڕێك دەردەچێت.

**ئامادەکردن و وێنە**

**سامان تیمور — قوتابی کۆلێژی ئاداب**






## هێرشی مارێک بۆ چۆلەکەیەک!

وێنە سەیرەکان لە چەندین چرکەی خێرا و سەیر وەردەگیرێن، یەکێك لەو وێنە سەیرانە وەریگراوە ئەو وێنەیە کاتێك وێنەگرێکی خەڵکی ئوســـتراڵیا وێنەی چۆلەکەیەك دەگرێت بۆ جوانی، لە ناکاو لە کاتی وێنەگرتنەکە مارێکی ترسـناك هێرش دەکاتە ســـەر چۆلەکەکە، وێنەکە لە کاتی هێرشـــەکە وەرگیراوە. وەك دەبینن چۆن مارەکە دەمی کردۆتـــەوە و دوای چرکەیـــەك چۆلەکەکە دەکەوێتە ناو دەمی مارەکە، ئەم وێنەیەش بە خێراترین وێنە دادەنرێت لە جیهانی وێنەگرتن.

## بۆ ئاســـــوودەیت

☺- سێ درۆزن رۆژێکیان درۆ دەکەن، ئەوەی یەکەم دەڵێت : من ئەوەندەم پارەم هەیە دەتوانم ئەمەریکای باشوور بکڕم ..
ئەوەی دوومیش دەڵێت : منیش پارەی کڕینی باکووری ئەمەریکام هەیە.. ئەوەی سێیەمیش دەڵێت : منیش نازانم کامەیان بفرۆشم!!

☺ - کەســـێکی گێل دەچێتە راوکردن بە پێچامەی نووستن، کاتێك کۆمەڵێك لێی دەپرسن بۆ بە پێچامەوە راو دەکەیت؟! ئەویـــش دەڵێت: تاوەکـــو ئەوانـــەی راویان دەکـــەم بزانن من خەوتووم!



### کاوڕ ٣/٢١ - ٤/١٩

بە هۆی هەڵوێستی کەسێکی نزیکی خۆتەوە هەست بە خەمناکی دەکەیت بەڵام پێویست ناکات تۆ ئەوەندە خەم هەڵبگریت لەبەر ئەوەی تۆ هیچ تاوانێکت نییە، هەوڵ بدە ئارام بگریت و ئەوە لەبیر خۆت بەریتەوە، هەواڵێکی خۆشت پێ دەگات و لەوانەیە تاڕادەیەك چاوەڕوان نەکراو بێت.



### گا ٤/٢٠ - ٥/٢٠

کارەکانت بەشـــێوەیەکی زۆر باشتر لە ڕابردوو بەڕێوە دەچن،لەچەنـــد بوارێکەوە دەبیتـــە خاوەنی هیوایەکی زۆر و بەئاسانی سەرکەوتن بەدەست دەهێنی. لەوانەیە کەسێکی نوێ بناسیت و پەیوەندیەکی سۆزداری درووست بێت.ئەوەش بزانە مەرج نییە هەموو شتێك بە دڵی خۆت بێت.



### دووانە ٥/٢١ - ٦/٢٠

ئەم ماوەیە واهەست دەکەی کاتەکان خێراتر تێپەڕ دەبن ئەمەش کاریگەری دەبێت لەدەرکردنی چەند بڕیارێکی گرنـــگ. کاتێکی خۆش لەگەڵ خۆشەویســـتەکەت بەســـەر دەبەیت ئەمەش وای لێ دەکات زیاتر هۆگرت بێت.هەندێك پرۆژەی خۆت بۆ هەفتەیەی داهاتوو دوا بخە.



### قرژاڵ ٦/٢١ - ٧/٢٢

بۆ دەرکردنی هەر بڕیارێك پێویستە تەنیا بایەخ بە قسەی دەوروبەرت نەدەیت بەڵکو پێویســـتە خۆشت بڕوات پێی هەبێت.هەستی شەشـــەمت بەهێزتر دەبێت و یارمەتیت دەدات بۆ ئەوەی بڕیار لەچەند شتێکی گرنگ بدەی.چەند کێشەیەکی کۆمەڵایەتیت هەیە پێویستە بە وریایی چارەسەریان بکەیت.



### شێر ٣/٢٣ - ٨/٢٢

لە ڕووی دەروونی و ماددییـــەوە چەند گۆرانکاریەك ڕوودەدەن و چاوەڕوان نەکراون. دیدارێکی ڕۆمانســـی لەڕێگادایە هەوڵ بدە ســـوودی لێ ببینیت. ئێســـتا کاتی ئەوە هاتووە بۆ دووبارە ڕێکخستنەوە و پێداچوونەوەی بەرنامەی ژیانی خۆت و خۆ ئامادەکردن بۆ قۆناغێکی نوێ.




### گوڵەگەنم ٨/٢٣ - ٩/٢٢

هەســـت بە دڵتەنگی دەکەی کاتێك دەبینی کەسێکی بـــاوەر پێکـــراو دەیەوێـــت گرفت بخاتە نێـــوان تۆ و خۆشەویســـتەکەت. بە شـــێوەیەکی گونجـــاو داوای مافەکانـــت بکە و زۆرجار مەرج نییە هەموو داواکاریەکانت جێبەجێ بکرێن. ئەم هەفتەیە چەند گۆڕانکاریەکی نوێی تێدایە.

**ئا/ هێمن قەسرەیی**

| | ١ | ٢ | ٣ | ٤ | ٥ | ٦ | ٧ | ٨ | ٩ | ١٠ | ١١ | ١٢ |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ | | | | | | | | | | | | |
| ٢ | | | | | | | | | | | | |
| ٣ | | | | | | | | | | | | |
| ٤ | | | | | | | | | | | | |
| ٥ | | | | | | | | | | | | |
| ٦ | | | | | | | | | | | | |
| ٧ | | | | | | | | | | | | |
| ٨ | | | | | | | | | | | | |
| ٩ | | | | | | | | | | | | |
| ١٠ | | | | | | | | | | | | |
| ١١ | | | | | | | | | | | | |
| ١٢ | | | | | | | | | | | | |



**ئاسۆیی:**

١- مۆسیقاژەنێکی کوردە
٢- هاوینە هەوارێکی کوردستانە
٣- دوو پیتی دانا-پرس-پیتێکی مۆسیقایە-دوو پیتی دوبەی
٤- بەشێکە لە لەش(پ)-داستانێکە-ئاین(پ)
٥-ناسك- نەخێر-چوار پیتی مقداد
٦-یاریزانێکی بەرازیلیە خاوەنی وێنەکە-دوو پیتی یەن
٧-دەرمانی چاو(پ)-ژمارەیەکە(پ)-وەکو یەك
٨-رێگا
٩-رەگەزێکە(پ)-دوو پیتی داد-گێژ
١٠- یاریزانێکی هەڵبژاردەی ئیتاڵیایە-دوو پیتی جیاواز
١١-میوەیەکە(پ)-دراوێکە-هەوا
١٢-بێژەرێکی وەرزشی شاری هەولێرە

**ستوونی:**

١- کچە گۆرانیبێژێکی ئاشوورییە(پ)
٢-رووبارێکی کوردستانە(پ)
٣-دۆخێکە(پ)-سەرکردەیەکی فەرەنسی بوو
٤- گیانلەبەرێکە-دژی نوێ(پ)-کچە گۆرانیبێژێکی لوبنانیە
٥-بەتوانا(پ)-سێ پیتی سالار
٦-ژمارەیەکە-ناو (ت)
٧-وەکو یەکە-خوار(پ)
٨-سێوە (ت)-پیتێکی مۆسیقاییە-یاسا(پ)
٩-کورتکراوەی ئاژانسی دەنگوباسی عێراق(پ)-یاریزانێکی ئیتاڵیە
١٠-پیتێکی مۆسیقایە(پ)-خۆم (پ)
١١-یاریزانێکی یانەی چێلسیە
١٢-زانایەکی ئەتۆمی پاکستانییە

**ئا/ فەرهاد محەمەد ئاژگەیی**

## بۆ زاخـــاوی مێشک

بۆ زانینی ئاستی زیرەکیت، هەوڵبدە ئەنجامی ئەم شێوە شیکارە بدۆزیتەوە..

| | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | | | |

ئەم چوارگۆشانە بە پیت پڕ بکەرەوە لە کۆتایی ناوێکت بۆ دەردەچێت بتوانە لە ماوەی (٣) خولەکدا ناوەکە بدۆزیتەوە، ئەمەش وەك سوود وەرگرتن لەم ئاسانکاریانەی خوارەوە:

**ئاسانکاری**


- پیتی خانەکانی (١+٢+٣) کۆ بکەیتەوە بە مانای (شتێکی رەقە لە گشت شوێنێك هەیە)
- پیتی خانەکانی (٦+٧+٨) کۆ بکەیتەوە بە مانای (پێچەوانەی سپی)
- پیتی خانەکانی (٤+٥) کۆبکەیتەوە بە مانای (کۆی دوو ژمارەی ٥)
- پیتی خانەکانی (١+٢+٤) کۆ بکەیتەوە بە مانای (کەسێك بێ شانس بێت)!

* وەڵامی ژمارەی پێشوو وشەی (خواکوڕك) بوو



### تەرازوو ٩/٢٣ - ١٠/٢٢

ئـــەم ماوەیـــە پێشـــبڕکێ لەگـــەڵ کات دەکەیت و بەرپرسیاریەتیت زیاتر دەبێت. کاتەکانت بە شێوەیەکی هێمـــن و خۆش بەســـەر دەبـــەی بەتایبەتی لەگەڵ نزیکترین کەســـت دا. هەســـت بە دڵخۆشـــی دەکەی کاتێك دەبینی زۆربەی خەونەکانت خەریکە دەبن بە ڕاستی.



### دووپشک ١٠/٢٣ - ١١/٢١

هەوڵدانت بە شێوەیەکی زیرەکانەیە بە تایبەتی لەبواری بازرگانیدا ئەمەش دەبێتە هۆی بەدەستهێنانی چەند دەســـکەوتێك. پێشـــوازی لە هاورێیەکت دەکەیت کە چەند هەواڵێکی نوێ و خۆشـــی پێیە بۆ تۆ.بڕوا بە قسەی هەموو کەسێك مەکە.



### کەوان ١١/٢٢ - ١٢/٢١

لەوانەیە کێشـــەیەك یان لێکتێنەگەیشـــتنێك هەبێت لەنێوان تۆ و هاوڕێیەکی نزیکت دا هەتا بتوانی هەوڵ بدە بە ئارامی چارەســـەری بکە. ئەگـــەر دەتەوێت گۆرانکاری بەسەر دیکۆری ماڵەکەت بێنێت ئەوا دەستی پێ بکە و گۆرانکاری لەزۆر بواری تریش دا لەڕێگایە.



### گیسک ١٢/٢٢ - ١/١٩

پێویستت بەوە هەیە کە چەند کەسێکی نوێ بناسیت بە تایبەتی دوای ئەوەی هەست بەتەنیایی دەکەیت و پێویســـتت بە کەســـانێکە تا لەکاتی پێویست دا یارمەتیـــت بدەن. ئەم هەفتەیە هەواڵێکی خۆشـــت پێ دەگات و بە دیداری هاوڕێیەکت دەگەی.



### گۆزە ١/٢٠ - ٢/١٨

ئەوەندە دوودڵ مەبە بۆ ئـــەو وەڵامەی کە دەمێکە چاوەڕوانی دەکەی،دڵنیابە زۆر بەدڵت دەبێت و ژیانت دەگۆڕێت. پێش ئەنجامدانی هەر کارێك بە باشـــی بیری لێ بکەوە و ئەوەش بزانە زۆر جار پەلەکردن خەونی گەورە لەناو دەبات. هاوڕێ و کەسە نزیکەکانت لەیاد مەکە.



### نەهەنگ ٢/١٩ - ٣/٢٠

ڕۆژێك دێت پەشـــیمان دەبیتـــەوە و باجی هەڵەکانت دەدەیەوە، پێویســـتە ئەوەندە زوو گۆرانکاری گەورەت بەسەر دا نێت. دڵی خەڵك لەخۆت مەڕەنجێنە. لەگەڵ ئەوەی هەفتەیەکی خۆش دەبێت لەهەمان کاتیشدا چەند دەستکەوتێك بە دەست دێنیت.

hemntoni@yahoo.com